شیعر



ڕووزار ئەحمەد

# هۆزەکانی "با"

یەک.. دوو.. سێ..
سیغاری هەموو تەمەنم کێشا و
ڕۆژێکم نەبوو
بۆ هۆنینەوەی ئەو زریزەیەی
کە تۆ لەوپەڕی غرورییەتدا
پساندت و
ئیتر من پڕ بووم
لە ڕۆژەکانی خاڵی و بەدەست
شیعرە پاکیزەکانی خۆمەوە
شەپۆل شەپۆل خۆم دەدایەوە دەستی
ئەو تاوانانەی
تۆ بۆ پڕکردنەوەی ڕۆژەکان و
منیش وەک خودایەک

تەماشام دەکردی و
دەمگوت:
دەبێ ئیعترافاتی ئافرەت بەخۆشەویستی
لە کام وێستگەدا بێت و
کە من پسوولەکانی
دەرفەتم هەموو فەنابوون و
ئێستا وەکو ئەو شتانەی
لە دەرەوەی ڕۆحمەوە
هەستیان پێ دەکەم و نایانبینم
ئاوا لە دوا ساتێکی ئاوابووندا
لە بێ کاتییەکی وەک ئەم وەختە
من و بەرگی چاوەڕوانی و
من و گەڕان بۆ دوای زریزەیەکی مەعدوم
لە پاڵ درەختە پیرەکانیشدا
من و هۆزەکانی "با" دانیشتین و
ئەوان بەرائەتی خۆیان
لە هەموو ڕۆژەکانی تەمەن کرد و
تەنها ڕۆژی خۆشەویستی نا
ئەوان گوتیان ئەجیالەکانی ئێمە
هیچ لاپەڕەیەکیان نییە
لە کاتەکانی داڵغەدا دانیشن و
سیغاری پەشیمانی بۆ بکێشن
چوون وەعد و وەفا
لە ژێر پەردەکانی غروری و
ماچەکانی ناوەختی دەمی سەفەر و
ماڵئاوایی هەتا هەتایی چ تەفسیرێک دەگەیەنێت



وەڕس بووم لەو دارانەی
کە تۆ فێری بینینیانت کردم و
بەسەر کورسییەکانی سەرەتاییەوە و
قەت قەت نەمبینێ..
ئەزانم داداش لەو ڕۆژەوە
دۆکەی ڕژا
ئیتر هیچ قەرارێک بۆ کۆکردنەوەی..
چ فایدە تۆ لە نێوانی
دوو جەمسەری
یەکێکیان باسی زەمهەریرت بۆ دەکا و
ئەوی تریان "أسفل السافلین"
گوناهی تۆش نییە
کە دەستی دەستی ڕۆژگارەکانی سەبا
ئاوانە وەختەکانی لە دەست بردی و
زریزەیەکت بە نەپچڕاو
نەخرایە گەردن
ناچار تاوەکو لە خورجی
تیمساحەکانی بیاباندا نەبێتە چیرۆکێکی
"پیر و دەریا"ی تر
دەنا پەشمە گەڕانەوە
لە هەڵدانی دوا پێکێکی ژەهراوی
چونکە سوننەتەکانی ئەو ساتانەی
کە پڕ دەبن لە خۆشی ئیتر
"ڤۆدکا"ی ساختەی یەکتری فڕ دەکەین
هەردوو لە یەک مەرامدا
تەماشای دوا دڵۆپی سڕبوونی



خوێنی یەکتر دەکەین
غەشیمانەیە ئەم شار و کوچانەی ئێمە
هەمووتان بە بەرگەکانی "پاکیزەوە" دێن و
هەموومان بەمەوعیزەکانی "عیسا"
دێیت و بە جیناتە زۆڵەکانمان پریان دەکەین
لەو چنارانەی کە سێبەرێک شک نابەن و
لە بەردەم بێ هێزترین هۆزی "با"دا
شروعییەتیان دەتکێ
ئەمە تەفسیری ئایەتێکی سەرگوزەشتەی
تۆ نییە تاوەکو لەسەر سەکۆی
وانەکانی سەرەتاییدا جارێکی تر
بێین و ڕووی منداڵەکانی پێ ڕەش بکەین



ئاخر کێمان لەو منداڵانەین لە دەمی گەورەبوونماندا
"هەتاف و سۆلاف"مان نەکوشت و
کێمان بە دەستەکانمان
باڵندەکانی ڕۆحی یەکتریمان ئازار نەدا
درەنگە "ڕەو" لە دەرگای هەموو ماڵێک
لەم شارەدا بە"خەفی" نووسراوە
زووکە قاوڵغی منداڵیت هەڵگرە
بەڵام ئەمجارە
بێ دارا و دارەکانی
بێ دادە و مەشکە دڕاوەکانی
زووکە هیچ وەختێکمان نییە
پەشیمانی گەورەترین زوڵمە
***